## پەیامێک لە کامپینی داخستنی کونسوڵخانەی ئێران و تورکیا.

## لە هەولێر وسلێمانی

**بۆ ڕای گشتی کوردستان**

بەڕێزان ئێمە لەبەرواری ٢٠١١/٨/١١ ئەم کامپینەمان راگەیاند و تیایدا داوای داخستنی هەردووک کونسوڵخانەی ئێران لە هەولێر و سلێمانیمان کردبوو،چونکە پێمان وایە ئەم دوو کونسوڵخانەیە زیاترلەوەی ئەرکی دبلۆماسیان هەبێت،ئەرکی سیخوڕی و چاودێریکردندەبینن .ئەمڕۆ ٨/٢٥ ئەم ڕاگەیاندنە بڵاودەکەینەوە و تیایدا جارێکی تر داوای هەڵوێست وەرگرتنی خەڵکی کوردستان دەکەین بەرامبەر بەهەردووک ڕژێمی میلیتاری ئێران و تورکیا ئەم دوو ڕژێمە داگیرکەرەی کوردستان کە هەمیشە کار لەسەر سڕینەوەی کورد دەکەن لای ئەوان جیاوازی نیە لە نێوان گەریلایەک و منداڵێکدا گرنگ ئەوەیە کوردێک بکوژن،لەسەرەتادا ئێمە هەڵوێستمان تەنها بەرامبەر بە ڕژێمی میلیتاری ئێران بوو چونکە پێمان وابوو ڕژێمی تورکیا هەنگاو بەرەو چارەسەری کێشەی کورد دەنێت، بەڵام ئەوەی لەچەند ڕۆژی ڕابردوودا ڕویدا ئەوەی سەلماند کەڕژێمی داگیرکەری تورکیاش عەقڵیەتی تائێستا نەگۆڕاوە و بەهەمان پێودانگی ڕابردوو مامەڵە لەگەڵ کێشەی کورد دەکات و تائێستاش عەقڵیەتی شەڕ زاڵە. ئەو ڕوداوەی کەلە ٢١/ئاب ڕویدا و تیایدا ٧ هاوڵاتی بێدیفاع بونە ئامانجی فڕۆکە جەنگیەکانی تورکیا و هەر ٧تیان شەهید بوون کەلەناویاندا 4 منداڵ هەبوون، ئەوەی سەلماند کەبۆ ئەوان جیاوازی لەنێون گەریلایەک و منداڵێکدانیە.ئەم ڕوداوە نەیەکەم ڕوداو نەدوا ڕوداویش دەبێت. بۆیە ئێمە جارێکی تر داوای هەڵوێستی ڕون لەسەرکردایەتی سیاسی کوردستان دەکەین و چیتر نامانەوێت هەڵوێستەکانیان لەچوارچێوەی بەیان نامە و ناڕەزایەتیدابن پێویستە حکومەتی هەرێم فشار بخاتە سەرحکومەتی مەرکەزیو ئەم ڕوداوانەی ئەم دوایە بخاتە بەردەم ڕای گشتی جیهانی و دادگای دادی نێودوڵەتی لێ ئاگاداربکرێتەوە.وەلەهەمان کاتدا داوا لەخەڵکی کوردستان دەکەین بەردەوام بن بۆ فشار خستەسەر حکومەتی هەرێم تا هەڵوێستی کرداری بەرامبەر بە دوژمنانی کوردستان بگرێتەبەر.

ئێمە دەزانین کە حکومەتی هەرێم لەڕوی سەربازیەوە ناتوانێت ڕوبەڕوی داگیرکەران ببێتەوە،بەڵام ڕێگای تر هەن بۆ ڕووبەڕووبنەوە و فشار دروستکردن. بۆیە پێویستە دەسەڵاتی سیاسی لەهەرێمی کوردستان و سەرجەم حیزب و لایانە سیاسیەکان ناکۆکی و کێشەکانیان وەلابنێن و یەک دەست و یەک هەڵوێست بە پشتیوانی خەڵکی کوردستان ڕوبەڕوی داگیرکەران ببینەوە

**کامپینی داخستنی کونسوڵخانەکانی ئێران و تورکیا**

**تێبینی: لەسەرەتا کامپینەکەمان تایبەت بوو بە کونسوڵخانەکانی ئێران، بەڵام لەدوای ئەم راگەیاندنەوە بەرامبەر بەهەردووک ڕژێمی ئێران و تورکیایە:**

**1خوێندکارانی شاری نەغەدە و مهاباد**

**-2ماڵپەڕی هەڵۆی کوردستان**

**-3چەتری ئازادی**

**-4کردۆساید چاک**

**-5شێرزاد عبالکریم مامۆستا**

**-6بەیان عەزیز مامۆستا**

**-7عبالرەحمان مهابادی سیاسی**

8-سەلاح وەلی زادە

9-هەڵکەوت سیامەند خوێندکاری زانکۆ

10-جەبار ئاوەژەی خوێندکاری زانکۆ

11-گەیلان خدر ڕۆژنامەنوس

12-بەختیار عەلی خوێندکار

13-هێمن احمەد مامۆستا

14-عبالرەحمان رەسوڵ ڕۆژنامەنوس

15-شەوقی تەها مامۆستا

16-کەمال محمەد مامۆستا

17-نیشتیمان عەزیز خوێندکاری زانکۆ

18-کوێستان عەزیز ڕۆژنامەنوس

19-دڵدار محمەد مامۆستا

20-سورکێو عەلی کاسب

21-انوەر حەسەن پێشمەرگەی دێرین

22-داستان عەلی فەرمانبەر

23-لوقمان حەسەن ڕۆژنامەنوس

24-دیار احمەد مەجید سەرنوسەری گۆڤاری کلیل

25-سەلام عبداللە ڕۆژنامەنوس خانەقین

26-فەرمان چۆمانی ڕۆژنامەنوس

27-محمەد گربداخی ڕۆژنامەنوس

28-هۆشەنگ سەروچاوەی ڕۆژنامەنوس

29-دڵزار حەسەن چاودێری سیاسی

30-هیوا سەید سەلیم

31-هەردی عەلی پێشمەرگەی دێرین

32-حازم عەلی پێشمەرگەی دێرین

33-عەلی کەریم پوور چالاکوانی مەدەنی

34-نەجیبە عمەر چالاکوانی مەدەنی و ڕۆژنامەنوس

35-ئاسۆ رەحیم

36-کاک شار ئۆرامار ڕۆژنامەنوس

37-ئازاد چۆلی خوێندکار

38-هانی هادی پزیشک

39-قادر ئەلیاسی چالاکوانی سیاسی

40-ڕێبوار کەریم وەلی نوسەر و ڕۆژنامەنوس

41-ناسر ئێران پوور وەرگێڕ

42-فەرەیدون بێوار ڕۆژنامەنوس و توێژەری بواری کۆمەڵایەتی

43-عبالموتەلیب رەفعەت زرداوی خوێندکاری اوسترالیا

44- مەهدی فەتاحی    ڕۆژنامەنوس

45- مەولود ئافەند    ڕۆژنامەنوس

46- نووری عمەر    نوسەر

47- مەهدی مورادی    چالاکوان

48- زاگرۆز عەبدی    چالاکوان

49- هەڵۆمەرگەی    ڕۆژنامەنوس

50- ڕێباز عبداللە    کۆمەڵناس

51- فەرهاد خدر    خوێندکار

52- مەردی عمەر    خوێندکار

53- کارزان کەریم    ڕۆژنامەنوس

54- سەلیم سابیر    کاسب

55- کلسوم حسێن    شاعیر

56- ڕێکان سەباح    ڕۆژنامەنوس

57- دانا ڕەزگەی    ڕۆژنامەنوس

58- سەنگەر محمەد    مامۆستا

59- عسمان مەولان    فەرمانبەر

60- یوسف جعفەر    مامۆستا

61- سەرباز احمەد    میدیاکار

62- احمەد سەفا    ڕۆژنامەنوس

63- دیلا دیاکۆ    قوتابی زانکۆ

64- ڕابەر عمەر محمەد

65- لەشکر احمەد    مامۆستا

66- دەستەی گەنجانی پێشەنگ

67- فەرەیدون عارف    خوێندکاری ماستەر

68- عەبداللە احمەد گەرمکی    خوێندکاری زانکۆ

69- دانا حەسەن    مامۆستا

70- ئاکام رەسوڵی    ڕۆژنامەنوس

71- دانیاڵ رەسوڵی    ڕۆژنامەنوس

72- شۆڕش پایمەرد    ڕۆژنامەنوس

73- کاک محمەد    نوسەر

74- نەریمان حەسەن    جوتیار

75- محمەد حسێن    جوتیار

76- بێستون بنگردی    ڕۆژنامەنوس

77- حەبیبە احمەد    مامۆستا

78- توانا تەها    ڕۆژنامەنوس

79- هاوار بازیان    ڕۆژنامەنوس

80-سۆران ئەمینی پێشمەرگە

81-دڵشاد هەرتەلی ڕۆژنامەنوس

82-دیار کەوکەب ڕۆژنامەنوس

83-عەلی مەحمود نوسەر

84-فواد بکر زیندانی سیاسی

85-ڕێبوار فەرەج

86-خەبات ماروف

87-هەڤاڵ خەجێ

88-شاسوار مامە ڕۆژنامەنوس

89-فەرهەنگ ساوانی خوێندکار

90-ڕیڤان بورهان ئەندازیار

91-ئالان خەیلانی یاریزان

92- ناجح گوێپی پزیشکی ڤێتەر نەری

93- تیپی شانۆی ڕانیە

94- دیاری محمەد

95- سیروان کاوسی نووسەر و ڕۆژنامەنووس وڵاتی نۆروێژ

96- دوکتۆر مەهدی کاکەیی توێژەر

97- فەرەیدوون کونجرینی ڕۆناکبیر وڵاتی نۆروێژ

98 – شیلان شۆرش سەرۆکی ڕێکخراوی سەربەخۆی دیمۆکراتی ژنانی کورد لەوڵاتی نۆروێژ

99- دەرسیم دێبەگەیی نووسەر لە وڵاتی دانمارک

100 – حسێن شافعی شاعر و ڕۆشنبیر کانادا

101 – زیوەر ئارتین خوێندکار ڕۆشنبیر وڵاتی سوێد

102 – ئاریا موکریانی ڕۆژنامەنووس کانادا

103 – شێرکۆ سەبری بۆتانی ڕۆشنبیر وڵاتی نۆروێژ

104 – سەردار پشدەری نووسەر وڵاتی بریتانیا

105 – سمکۆ عەلی ڕۆژنامەنووس وڵاتی نۆروێژ

106 - جیهاد حەمە کەریم ڕۆژنامەنووس وڵاتی نۆروێژ

107 – عەلی مەحموود نووسەر باشووری کوردستان

108 - ڕێبوار ئەحمەدزادە ڕۆشنبیر وڵاتی نۆروێژ

109 – حەمەرەشید هەرەس نووسەر، مامۆستای شانۆ وڵاتی کانادا

110 – حەسەن شافعی شاعر و ڕۆشنبیر وڵاتی کانادا

111- فەرەیدوون عارف خوێندکاری ماستەر وڵاتی هیندستان

112 – محەممەد شاسواری ڕۆشنبیر وڵاتی سوێد

113 – زمناکۆ ئارتین ڕۆشنبیر وڵاتی ئەڵمانیا

114 – ئارێز داراپوور چاودێری سیاسی

115 - مەهناز هانا گۆرانی ڕۆشنبیر وڵاتی نۆروێژ

116 – سەعدوون کاکە باوە چالاکی سیاسی  ولاتی نۆرویژ
117 – مەهین بەهروز  رۆشنبیر   ولاتی کانادا
118 -  رەوف مەرزبان  رۆشنبیر   ولاتی فنلاند
119 – ماڵپەڕی شاری بۆکان
120 – کەژاڵ مەرزبان شاعر و رۆشنبیر  ولاتی نۆرویژ
121 – محەممەد خاکی چاودێری سیاسی  بریتانیا
122 – شوان بەرزنجی  رۆشنبیر   ولاتی نۆرویژ
123
124
125


**سەرپەرشتیار و وتە بێژی کامپین**

**جەبار عەزیز**

07702118139

Jabar.azez@gmail.com


**چەتری ئازادی پشتیوانی خواستی  داخستنی  کۆنسوڵگەریەکانی  کۆماری ئیسلامی ئێران لە کوردستان دەکا**

چەتری ئازادی لەسەرەتای تۆپبارانی خەڵکی مەدەنی ناوچە سنوریەکانی کوردستانی عێراق لەلایەن هێزەکانی کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە نارەزایەتی لە بەریتانیا بەرێخستوە بۆ کۆتایی هێنان بەم دەستدرێژیانە و لەبەردەم سەفارەتی ئەو وولاتە لەلەندەن خۆپیشاندانی ئەنجام داوە. ئێستاش دوای تێپەربوونی مانگێک بەسەر تۆپبارانەکان کۆماری ئیسلامی ئێران بەردەوامە و تائێستا خەڵکی کوردستان قوربانیەکەی بە کوژراو و بریندار و زیانێکی گەورەی مادی و مەعنەوی و ئەمنیەتی ژیان و گوزەرانی داوە. حکومەتی هەرێمی کوردستان و پەرلەمانی کوردستانیش  وەک چاودێری دەرەکی تەنیا داوای ڕاگرتنی تۆپباران دەکەن و لەهەمان کاتیشدا رێکەوتنی ژێربەژێری دەسەلاتدارانی هەرێم و کاری جاسوسی کۆنسولگەریەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران لە هەولێر و سلێمانی بەردەوامە.

هەربۆیە ئێمە لە چەتری ئازادی پشتیوانی ئەو داوا و هەولانە دەکەین کە فشارەکان دەباتە ئاستێکی بەرزتر دژی کۆماری ئیسلامی ئێرانو دەستێوەردانەکانی لە کاروباری سیاسی کوردستانی عێراقدا، لەم پێناوەشدا هەنگاوی داخستنی کۆنسوڵگەریەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران لە هەولێر وسلێمانی بەفشارێکی پێویست دەزانین. چەتری ئازادی بانگەوازی ڕەوەندی کوردی و ئازادیخوازان دەکا لەبەریتانیا کە پشتیوانی لەم خواستەبکەن و  بەشداری و پشتیوانی چالاکانە لە کەمپینی داخستنی کۆنسوڵگەریەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران لە هەولێر و سلێمانی دا بکەن.